## له ژێر دروشمی یەكەم منالان

## سەنتەری بەرگری لە مافەكانی منالانی عیراق

## پیشانگای هاوبەشی وینەی دروست كراو لە لایەن منالانی عیراق و یابان لە شاری كركوك دەكاتەوە .

.................................





رۆژی 30-09-2006 له هۆلی چالاكی قوتابخانەكان لە شاری كركوك ، سەنتەری بەرگری لە مافەكانی منالانی عیراق ، پیشانگایەكی هاوبەشی بۆ رەسمی دروست كراو لە لایەن منالانی عیراق و یابانەوە كردەوە كە تیایدا بە سەدان رەسم نیشان دران .

لەو پیشانگایەدا زیاتر لە 60 منال كە لە شوینە جۆراو جۆرەكانی كركوكەوە هاتبوون  بە شداریان كرد وزیاتر لە 25 كەس لە كەسانی گەورە و ئەوانەی كە گرنگی ئەدەن بە مەسەلەی منالان بەشدار بوون .

پیشانگاكە لە سەعات 11 پیش نیوەرۆ بی بەشداری سمیر عادل سەرۆكی كۆنگرەی ئازادی عیراق و نوینەری چەندین ریكخراو و كەسانیك كە گرنگی بە مەسەلەی منالان ئەدەن ،لە لایەن سیڤان ئازاد منالیكی عیراقی دانیشتووی كركوك ، كرایەوە .

 لە سەرەتادا منالان و گەورەكان ، بە شوور و شەوقەوە سەیری رەسمەكانیان كرد ، پاشان لە بەشی دووەمی بەرنامەی پیشانگاكەدا منالان دەستیان كرد بە دروست كردنی رەسم بۆ منالانی یابان و تا بەم شیوەیە پەیامی خۆشەویستی و هاورییاتی لە گەلیاندا بگۆرنەوە .

به دوای ئەوەدا ئازاد احمد لیپرسراوی سەنتەر لە عیراق ووتەیەکی بە هەردوو زمانی کوردی وعەرەبی بۆ منالان و بۆ ئامادەبوان لە سەر ئەم پیشانگایە وئامانج لە کردنەوەی پیشانگاکە،پیشکەش کرد .وە باسی لەو چالاکیانە کرد کە سەنتەر لە وولاتی یابان ئەنجامی داوە و بە دیاری کراوی پەنجەی خستە سەر ئەو پیشانگایەی کە لە کۆتایی سالی 2005 و سەرەتای سالی 2006 لە وولاتی یابان کردیەوە و بۆ ماوەی نزیکەی 4 مانگ وینەی فۆتۆگرافی منالانی عیراق و رەسمی دروست کراو لە لایەن منالانی عیراقەوە نمایش کرا .

لە بەشیکی تری قسەکانیدا باسی لە پرۆژەی مۆنۆمینی ئاشتی لە لایەن منالانەوە کرد کە سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان و چەند ریکخراویکی یابانی و فیلیپینی ئەنجامی ئەدەن .

لە بەشیکی تری بەرنامەی پیشانگاکەدا کە لە لایەن ئازاد احمد لیپرسروای سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان لە عیراق و روئا موئەیەد بەرپرسی سەنتەر لە کرکوك بەریوە ئەبرا ، چەندین شیعر و گۆرانی جۆراو جۆر لە لایەن منالانەوە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی وتورکمانی پیشکەش کران و منالانی لە ناو گۆرانی و چەپلە وپیکەنین و شادی و خۆشی دا نقووم کردبوو .






لە بەشیکی تری بەرنامەی پیشانگاکە دا بیبسی و کیك بە سەر منالان و ئامادەبوواندا دابەش کرا .

بەشی کۆتایی بەرنامەی پیشانگاکەش بریتی بوو لە دابەش کردنی دیاری بە سەر منالاندا کە پیك هاتبوو لە بەتانی و سێتێك لە پیداویستی نان خواردن بۆ منالان .کە ئەم دیاریانە لە لایەن ریکخراوی مانگی سووری عیراقی دابین کرابوو بۆ منالان .

بەم شیوەیە ئەم پیشانگایە دوای نزیکەی 2 سەعات لە ناو شوور شەوق و شادی و پیکەنینی منالاندا کۆتایی پیهات.
شیاوی باسە ئەم چالاکیەی سەنتەری منالان لە چوار چیوەی پرۆژەی – مۆنۆمینتی ئاشتی لە لایەن منالانەوە – یە کە سەنتەر ی بەرگری لە مافەکانی منالان و چەند ریکخراوی تری یابانی و فیلیپینی ئەنجامی ئەدەن و ئامانج لیی بریتیە لە دروست کردنی هاورییەتی و نزیکایەتی لە نیوان منالانی عیراق و یابان وفیلیپین وهەروەها لە لایەکی ترەوە ئەنجام دانی پرۆژەی جۆراو جۆرە بۆ منالان .

ئازاد احمد

لیپرسراوی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان لە عیراق

**01–10–**2006